# دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە گشتییەكان

**قۆناغی دوو**
**بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئەدەبیات**
**زانکۆی سەڵاحەدین**
**٢٠٢٣-٢٠٢٤**

## بەشی یەکەم

**پێشەکی**

مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها بژیەت ، بەڵکو بارودۆخی ژیان وا پێویست دەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتیت هەبێت بە دەورووبەرەوە بەمەبەستی هەماهەنگی یان هاوکاریکردن، ئەم پەیوەندییە لەگەڵ کەسەکان کاریگەریي باش و خراپی هەیە، ئەگەر کاریگەری باشی بەجێهێشت ئەمە هاوکاری دەکات بۆئەوەی کارەکانی بەخێرایی و کۆششێکی کەمتر ئەنجام بدات، بەمجۆرە گونجانی تاك و گرووپەكان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا شتێکی گرنگە.

هەمان دیدگا دەکرێت سەبارەت بە هەر رێکخراوێك بگونجێت، ئەویش جیا لە جەماوەر و کۆمەڵگەکەی دەورووبەری ناژیت، ئەو پێویستی پێیەتی و کۆمەڵگەش پێویستی بە ئەوە، هەر دەبێت پەیوەندی باش لەنێوانیاندا هەبێت و هەریەکەیان لەگرنگی ئەو رۆڵە بزانن.

پەیوەندی باش لەنێوان رێكخراوەكان و جەماوەری پەیوەندیدار، دەبێتە هۆی گەرەنتی ئاشتی و سەقامگیری، هەرچەندە قەبارەی دامەزراوەکان گەورەتر بێت ئەوا ماوە و بۆشایی نێوان خۆی و جەماوەرەکەی دەورووبەری دوورتر دەبێتەوەو.

زانینی رای زۆرینەی خەڵک بۆ گرووپ و رێکخراوەکان پێویستییەکی حەتمییە، بۆئەوەی سیاسەتەكانی خۆیان دابڕێژن و لەو ڕێگەیەوە متمانەو پاڵپشتی زیاتر بەدەست بهێنن.

حکومەتە دیموکراتییەکانیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدەن لەڕێگەی زانینی خواستەکانی جەماوەرەوە دروشم و پلانەکانیان دارێژن ومتمانە و پاڵپشتییە گەل مسۆگەر بکەن، چونکە ئەو پلان و سیاسەتانەي کە حکومەت نەخشەی دەکێشێت لەگەل بەرژەوەندییەکانی خەڵك و خواست و داواكارییەكانیاندا یەک دەگرێتەوەو خۆیانی تێدا دەبیننەوەو بەمەش رایەکی گشتی دروست دەبێت لەبەرژەوەندی حکومەت.

رای گشتی بووەتە پێویستییەك بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەرو داخوازییەکانی تاك و گرووپەكان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاریکاری و متمانەی ئەوانی دیکە، ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، ئابوورییەکان درکیان بەوە کرد ناتوانن سەرکەوتن وەدی بهێنن ئەگەر دوور لە جەماوەر بژین یان خۆی لەوان دابڕێنێنن.

لەسەردەمی ئێستاماندا بۆئەوەی ئەرکی دروستکردنی پەیوەندی باش لەنێوان دامەزراوەکان و جەماوەر بەهێزتر بێت، پەیوەندییە گشتییەکان لەوەزارەتەکان و دامەزراوە جیاوازەکان دروستبووە، کە لەئێستادا بۆتە یەکێك لە پێویستییەکان.
لەلایەکی دیکەوە رای گشتی ئێستا رۆڵێکی گرنگ لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبینێت و بەپێویست دەزانرێت لەهۆکارەکانی پێکهێنان و کارابوونی رای گشتی و ئامرازە کارتێکراوەکانی و چۆنییەتی ئاراستەکردنی و کاریگەرییەکانی تێبگەین.
بەکورتی، پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی گرنگە بۆیە پێویستە زیاتر لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر کاریگەرییەکانی. و هونەری ئەتەکێت رۆڵی گرنگ دەگێرێت لە کاری پەیوەندییە گشتییەکان

## ئەتەکێت وپەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان و هونەری ئەتەکێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و لە ناویشیاندا مێدیا، هونەری ڕەفتاری جوان و هەڵسووکەوتی شارستانیانەیە، لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا، هونەرەکە بە جۆرێکە کە پێویستە لە ناوەند و دەزگاکاندا و لەکاتی دانوستان و گفتگۆکردن و سەردانییەکاندا بە پێی بنەماکانی ئەتەکێت و هەڵسوکەوت بکرێت.
دەتوانین بڵێین، ئەتەکێت هونەری چەندایەتی و چۆنایەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانمان لەگەڵ خودی خۆمان و ئەوانی دیکەیە لە ژیانی ڕۆژانەیە.
مەبەست لە ئەتەکێت ئەوەیە مرۆڤ پێش ئەوەی ڕەفتارێک یان هەڵسوکەوتێک بکات یان وشەیەک دەربڕێت بە باشی بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست و دروست بگرێتە بەر، بەڵام بۆ گەیشتن بە ڕێگای ڕاست و دروستی ڕەفتار و هەڵسووکەوتکردن و قسەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە ، پێویستە سەرەتا بپرسێت : چی پەیامێک دەنێرم ؟ چۆن دەریبرم؟
خەڵک بە گشتی لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە ناوەندەکانی کارکردن و ناوەندە پەروەردەیی و زانستی و بوارەکانی دیکە پێویستییان بەم هونەرەیە، هەر بۆیە لەمڕۆدا لەلایەن شارەزایانی بواری ئەتەکێت و دیبلۆماسییەت گۆڕانکاری زۆری تێدا کراوەبۆ ئەوەی ژیانی خەڵک ڕێکبخەن، بۆ نمونە: شێوازی قسەکردن و پێشوازی و سڵاوکردن و میوانداری و جل پۆشین و ئاهەنگگێڕان هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە...هتد، بە ڕێگا و شێوازێک بێت کە لەلاین هەمووانەوە ویستراو پەسەند بێت. ئەم بابابەتە زۆر گرنگە بۆ ئەوانەی لەم بوارە کار دەکەن بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەر بەدەس بهێنن.
چەمکی ئەتەکێت ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ڕەفتار و ئاداب و سیستەم و بنەمای هونەری دیاریکراو، بە پێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەو بنەمایانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە پەرەپێدان دروستکردنی جۆرێک لە سیستەمی ڕەفتاری پەسەند

